ئەوان پێشنوێژیتان بۆ دەکەن، ئەگەر بە جوان وڕێکی ئەنجامیان دا؛ ئەوا پاداشت بۆ ئەوان وئێوەیش هەیە، ئەگەر کەموکورتیان تێدا کرد؛ ئەوا تاوان لەسەر ئەوان وپاداشت بۆ ئێوە هەیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوان پێشنوێژیتان بۆ دەکەن، ئەگەر بە جوان وڕێکی ئەنجامیان دا؛ ئەوا پاداشت بۆ ئەوان وئێوەیش هەیە، ئەگەر کەموکورتیان تێدا کرد؛ ئەوا تاوان لەسەر ئەوان وپاداشت بۆ ئێوە هەیە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە هەندێک فەرمانڕەوا (ئەمیر) پێشنوێژیتان بۆ دەکەن، ئەگەر بە جوانی وڕێکی ئەنجامیان دا؛ ئەوا پاداشت بۆ ئەوان وئێوەیە، وئەگەر کەموکورتیان هەبوو؛ ئەوا تاوان لەسەر ئەوانە وپاداشت بۆ ئێوەیە، ئەگەرچی ئەمە باسی فەرمانڕەوایە بەڵام ئیمام وپێشنوێژەکانی مزگەوتیش دەگرێتەوە، هەریەکێکیان بە پێی جوان وڕێکی وکوموکورتی ئەنجامدانی نوێژەکەی، فەرموودەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پێویستە سەبر وئارامگرتن هەبێت لەسەر کاربەدەستان ئەگەرچیش نوێژەکانیان کەموکورتی تێدا بێت وئەگەرچیش لە کاتی خۆیدا نوێژ نەکەن، لەم حاڵەتەدا نابێت لێیان دەربچین وکاتی نوێژی جەماعەت هەندێک دوا دەخەین وەکو ئەوان، وئەمەش عوزری شەرعیە بۆ دواخستنی نوێژ کە مەبەست لێی پاراستنی یەکڕیزی مسوڵمانانە و وەکو ئەوە وایە لە سەرەتای کاتدا نوێژمان کردبێت، ومەرجەکە بەندە بەوەی کە نابێت بگاتە حاڵەتێک کە کاتی نوێژەکە دەربچێت، دەرچوون دژی کاربەدەستان ودوور کەوتنەوە لێیان وخەڵک هاندان لە دژیان وبڵاوکردنەوەی خراپەکانیان ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئاینی ئیسلامن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4931